# لێدان لە دەمو چاوو داخکردنی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**موحەمەد ساڵح المنجد**

وەرگێڕانی: کاوە أکرم سەنگاوی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# ضرب الوجه والوسم في الوجه

« باللغة الكردية »


## محمد صالح منجد


ترجمة: كاوه أكرم سنكاوى

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2013 - 1434

IslamHouse.com

# لێدان لە دەمو چاوو داخکردنی

«جابر»خوای لـێ ڕازی بـێ دەفەرمووێ:

« نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الضَّرْبِ فِي الْوَجْهِ وَعَنْ الْوَسْمِ فِي الْوَجْهِ »
[رواه مسلم ٣/١٦٧٣].

واتە: « پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لێدانی دەمو چاوو داخکردنی قەدەغەکردووە »

ژمارەیەکی زۆر لەباوکان و مامۆستایان پەنادەبەنە بەر لێدانی دەمو چاوی منداڵ لەکاتی سزادانی منداڵەکانیان، وە هەندێ کەس ئەم کارە بەکاردێنی بەرامبەر خزمەت کارو ژێر دەستەکانی.

ئەم کارە سەرەڕای ئەوەی سوکایەتی کردنە بێ ڕێزی نواندنە بەرامبەر بە دەمو چاوو ڕومەت کە خوا ڕێزی لێگرتووە، هەروەها سەریش دەکێشێ بۆ لەدەست دانی هەندێ ئەندامی هەستیاری گرنگ کە لەدەم وچاودا کۆبونەتەوە، کە ئەوکات پەشیمانی ڕوو ئەداتو کێشەو گرفت دروست دەبێو خاوەن حەق پێ دەچێ داوای تۆڵەی خۆ بکات.

وه هەروەها داخ کردنی ڕومەتی ئاژەڵ، بۆئەوەی ببێتە نیشانەیەکی جیاکەرەوە تا خاوەنی هەر ئاژەڵێ ئاژەڵەکەی خۆی بناسێتەوە یان هەرکات وونی کرد بە هۆیەوە بدۆزرێتەوەو بۆی بگەڕێتەوە، ئەویش حەرامەو قەدەغەکراوە، چونکە هۆکارە بۆ شێواندنی دیمەنو ئازاردانی، هەرچەند خەڵکیش بیانوو بەهانەی ئەوە بهێننەوە کە ئەوە خوونەریتی عەشیرەتو هۆزەیەکەیەتیو نیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوە، ئەگەر هەر پێویست بوو بکرێ، دەتوانێ شوێنێکی ترداخ بکات نەك دەم وچاو.

سەرچاوە: سایتی بەهەشت http://ba8.org